www.kurdistannet.org

# نامەی سپی

حەمەسەعید حەسەن

ئەگەر خوا سەرت لێ بشێوێنێت و قسەیەکی وا بۆ قۆشمەچییەکی سابوونکەرانی بکەیت بە درۆی تێبگات، یەکسەر پێت دەبێژێت: (درۆ بۆ کێ دەکەیت! من خۆم درۆ تەعلیب و تەسدیر دەکەم.) واتا من خۆم لە بواری درۆکردندا هێندە شارەزا و چالاکم، بێجگە لەوەی پێویستییەکانی بازاڕی ناوخۆ دابین دەکەم، ئەویشی زیادە، دەیخەمە قوتووەوە و ڕەوانەی بازاڕەکانی هەندەرانی دەکەم.

تاڵەبانی لە کوردساتەوە گوتی: (هێندە بە جوانی کاروباری ئەنجوومەنی حوکمی عێراقم، لەو مانگەدا کە سەرۆکی بووم، بەڕێوە دەبرد، داوایان لێ کردم، هەر بە سەرۆکی بمێنمەوە!) بە مەرجێک بە گوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنی حوکم، هیچ ئەندامێک کە سەرەی سەرۆکایەتیی هات، مافی ئەوەی نییە نۆرەی خۆی بە ئەندامێکی دیکە ببەخشێت. ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک ئەندامێک نەیتوانی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی حوکم بکات، یەکسەر ئەوی بە پێی ئەلفوبێ، دوای وی سەرەی دێت، دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەن.

تاڵەبانی وەک خودی خۆی لە لاپەڕە ٦٦ی کتێبەکەیدا: (أغد دیموقراطی و حرمان شعب من حق الحلم)دا، ددانی پێدا ناوە، لەسەر خواستی سووریای خۆڕاگر، (ینک)ی دامەزراندووە و شۆڕشی نوێی هەڵگیرساندووە، تا بوار نەدات دەستی لەشکری عێراق، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، بۆ لێدانی سووریای خۆڕاگر ئاواڵە بێت! سیساڵێکە، تاڵەبانی بەردەوام ستایشی شام دەکات، شیوەنێکی بۆ مەرگی کوڕی حافیز ئەسەد گێڕا، قوبادی کوڕیشی خوا نەخواستە مردبا، ئەوەندە نیگەران نەدەبوو. پرسەیەکی بۆ مەرگی باوکی بەششار دانا، بۆ ئیبراهیم ئەحمەدیشی دانەناوە! تەنانەت پێش هەرەسی بەعس، سەروەختی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کە بە سەرپەرشتیی زەڵمای خەلیلزادی نوێنەری ئەمریکا، لە سەلاحەدین بەسترا، کەوتە ستایشکردنی هەڵوێستی سووریا! ئەمەش دەیسەلمێنێت، تاڵەبانی هەم دیپلۆماتێکی دەست و پێ سپییە و هەم فایلەکەشی کە وا چاوەڕێ دەکرێت ئەستوور بێت، لە کن بەعسی سووریایە.

تاڵەبانی لە سەرەتای ئەو مانگەدا، کە سەرۆکی ئەنجوومەنی حوکمی عێراق بوو، لەناکاو، لە دەمی دەرچوو، سووکەگلەییەکی دۆستانەی (سەبارەت بە درەنگ داوەتکردنی هۆشیار زێباری بۆ کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دەر و دراوسێی عێراق، کە لە دیمەشق ساز کرا،) لە شام کرد، ئەگەرچی هەر زوو پاشگەز بووەوە و داوای لێ بوردنی کرد، لێ لەوساوە شام بە جۆرێک غەزەبی لێ گرتووە، کە عەبدولعەزیز حەکیم ویستی سەردانی سووریا بکات، پێیان گوت: خۆت و شاندی یاوەرت، بێجگە لە تاڵەبانی، سەرچاو هاتن. ئەوە بوو، شاندەکە سەردانی سووریای کرد و تاڵەبانیش بە تەنیاباڵی ملی ڕێی ڕووسیای گرتە بەر. چونکە ڕووسیا و سووریا، هەر لە هەمان کۆمەڵە حەرف پێک دێن، تاڵەبانی ئەو سووکایەتی پێ کردنەی بە گیانی قومارچییەکەوە کە لەسەر دۆڕاندن ڕاهاتبێت، وەرگرت و هیچ گوێی نەدایە ئەو قسە جوانەی کە دەڵێت: هەزار ساڵ بکەیت بێگانەپەرستی، ئاخری دەهێنیت، نوشوستی.

سەددام پێش ئەوەی بگیرێت، گوتی: من سەددام حسێنم، سەرۆکی عێراقم، ئامادەم بۆ وتوێژ. سبەی ئەگەر تاڵەبانی هەمان چارەنووسی بە نسیب ببێت، پێش ئەوەی دەستگیر بکرێت، دەبێژێت: من مام جەلالم، سکرتێری (ینک)م، نامەی سپی ئیمزا دەکەم.

2003. 12. 25